ئەم دوو نوێژە (نوێژی بەیانی وعیشا) قورسترین نوێژن لەسەر منافیقەکان (دوو ڕووەکان)، ئەگەر دەتانزانی چی تێدایە (لە فەزڵ وپاداشت)؛ ئەوا بۆی دەهاتن ئەگەر لەسەر چۆکەکانیش بووایە

لە ئوبەی کوڕی کەعبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ڕۆژێکیان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە نوێژی بەیانیدا پێشنوێژی بۆمان ئەنجامدا، وفەرمووی: «ئایا فلّان ئامادەیە؟»، ووتیان: نەخێر، فەرمووی: «ئایا فلّان ئامادەیە؟»، ووتیان: نەخێر، فەرمووی: «ئەم دوو نوێژە (نوێژی بەیانی وعیشا) قورسترین نوێژن لەسەر منافیقەکان (دوو ڕووەکان)، ئەگەر دەتانزانی چی تێدایە (لە فەزڵ وپاداشت)؛ ئەوا بۆی دەهاتن ئەگەر لەسەر چۆکەکانیش بووایە ، وڕیزی یەکەم وەکو ڕیزی فریشتەکانە، وئەگەر فەزڵی ڕیزی یەکەمتان دەزانی ئەوا پێشبڕکێتان دەکرد بۆ ئەوەی پێشتر ئامادەی بن، ونوێژی پیاوێک لەگەڵ پیاوێکی تر پاکتر وخێرترە لە ئەنجامدانی نوێژ بە تەنها، وئەنجامدانی نوێژ لەگەڵ دوو پیاودا پاکتر وخێرترە لە ئەنجامدانی نوێژ لەگەڵ پیاوێک، وهەتا ژمارەکە زۆرتر بێت ئەوا خوای گەورە زیاتر پێی خۆشە».

[سەحیح - ڕاست)] [رواه أبو داود والنسائي وأحمد)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕۆژێکیان نوێژی بەیانی ئەنجامدا، پاشان پرسیاری کرد: ئایا فلّان ئامادەی ئەم نوێژەمانە؟ هاوەڵان ووتیان: نەخێر. پاشان فەرمووی: ئایا فلّان -کەسێکی تر- ئامادەیە؟ ووتیان: نەخێر. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: نوێژی بەیانی وعیشا ؛ قورسترین نوێژەکانن لەسەر منافیق. بەهۆی زاڵبوونی تەمەڵی بۆ ئامادەبوونیان، وڕیا وپێش چاویان کەم دەستدەکەوێت، ولە ڕووناکیدا نابینرێن. پاشان فەرمووی: ئەی ئیمانداران ئەگەر بتانزانیایە نوێژی بەیانی وعیشا چەندێك پاداشتی زۆریان تێدایە -چونکە پاداشت بەپێی ناڕەحەتیە- ؛ ئەوا بۆی دەهاتن ئەگەر لەسەر گاگۆڵکێش بێت -لەسەر دەست وئەژنۆکان-. ڕیزی یەکەم نزیکن لە ئیمامەوە وەکو نزیکی ڕیزی یەکەمی فریشتەکان لە الله -سبحانه وتعالى-، وئەگەر ئیمانداران بیانزانیایە فەزڵ وپاداشتی ڕیزی یەکەم چەندە؛ ئەوا کێبڕکێیان دەکرد لەسەری، ونوێژی پیاو لەگەڵ پیاوێکی تر ؛ خێرترە لە نوێژکردنی بەتەنها، ونوێژکردنی لەگەڵ دوو پیاو خێرترە لە نوێژی کردنی لەگەڵ پیاوێك، وئەو نوێژەی ژمارەیەکی زیاتر لە نوێژخوێنان تێیدا ئامادەیە؛ ئەمە باشترە وخۆشەویستترە لەلای الله.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/11306